# مەلا عەو ڵا بە دەستی خۆی چی لە خۆی کرد؟! رێبوار

بۆ زوربەی ئەوانەی مەلا عەولا دەناسن ، شاراوە نییە کە نابراو یەکێك لە کەسایەتی گەورەکانی نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو و زوربەی تەمەنی لە نێو ریزی ئەو حیزبەدا تێپەڕکرد. وەك یەکێك لە کۆنترین ئەندامانی ریبەرایەتی حیزب، مەلا عەوڵا چەندین خۆل بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و چەندین ساڵیش جێگری سکرتێری گشتی بوو و تەنانەت لە نێوان کونگرەکانی 10 هەتا 13 سکرتیری گشتی بوو. بێجگە لە ئەوانەش، مەلا عەوڵا ، ئەدیب ، نووسەر و وەرگێرێکی لێهاتووە، جێگای پەنجەی لە هەمووی ئەم بوارانە لە ناو حیزبدا دیاربوو.

بە گشتی لە ناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران داهەوڵ دراوە هەرکەس نەخش و شوێنی هەبێ، کەسایەتی تایبەتی خۆشی پێ بدرێ، بەڵام پاراستنی بەستراوەتەوە بە ئەوە، کە کەسەکە لە درێژەی خەبات و کاری حیزبی دا چەندە توانی بیپارێزێت. مەلا عەوڵا یەکیك لە ئەو کەسانە بوو کە کەسایەتی شیاوی خوی هەمیشە پێدرا، بەڵام بە داخێکی گەلێك گرانەوە، نەك هەر نەیهەویست بیپارێزێت، بەڵکو کارێکی وەهای بە خۆی کرد کە هەتا هەتایە نەتوانێت قەرە بووی بکاتەوە .

مەلا عەولا ئەو کەسایەتی یەی خۆی بە یەکجار و یەك هەڵویست لەکیس نەدا، بەڵکوو بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو قۆناخ بە قۆناخ لە کەسایەتی مەلا عەوڵا کەم و کەمتر بۆوە، هەتا گەیشتە ئەو رادەیەی ئەمڕۆ دەی بینین.
بە بڕوای من هەرەس هێنانی کەسایەتی مەلا عەوڵا، لە ماوەی کونگرەی هەشتەوە دەستی پێکرد و مەلا عەوڵا هەڵەیەکی کرد کە قەت بۆی قەرە بوو نەکرایەوە، بەڵکوو رۆژ بە رۆژیش زیاتر بو دواوە گەڕایەوە. هەروەك زۆرکەس ئاگادارن ح. د. ك.ئیران لە کونگرەی هەشت تووشی یەکیك لە قەیرانەکانی ریکخستنی خوی بوو . ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێشووی حیزب بە بیانووی بە هێنانی لیستەی "فیکس" لە هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی دا، ریزی خۆیان لە ریزی حیزب جیاکردەوە و لە ژیر ناوی ح.د. ك،.ئیران (ریبەرایەتی شوڕشگیڕ) دەستیان بە تێکوشانی خۆیان کرد. هەل و مەرجێك پێك هات کە دوو ریگەی سەرەکی لە بەر دەم هەموو کادرو پیشمەرگە و ئەندامانی حیزب بوو: یان لە نیو ریزی حیزبدا بمێنێتەوە و وەفادار بە قاسملووی ریبەر، درێژەی بە خەبات و تیکوشان بدات و دەنا ڕەگەڵ جەماعەتی ئینشعاب کردوو بکەون کە دواتر ناوی "لادەران" یان لە سەر دانرا. لە ئەم هەڵوێست گرتنەدا، زۆربەی تێکوشەرانی دیمۆکرات لە نیو

ریزەکانی حیزبدا مانەوە و وەفاداری و ئەمەگناسی خویانیان بو قاسملووی مەزن و دوکتور شەرفکەندی تیکوشەر دەربڕی. لە ئەو نێوەدا، جەماعەتێکی زور کەمیش ڕەگەل مەلا حەسەن و جەلیل گادانی کەوتن کە لێرەدا نامهەوی باس لە ئەوە بکەم کە چیان بەسەر هات.

لە ئەو ئال وگورە گەورەیەی ناو حیزب دا، مەلا عەولآ کە خوی زۆر پێ زیرەك بوو هەڵوێستێکی گرت کە وەك هی کەس نەدەچوو؛ ئەویش نە لەگەڵ " لادەران" کەوت و نە قورس و قایم و بە هیزیش لە گەل حیزب مایەوە. لە ناو ڕێبەرایەتی دا نەما و خۆی گوشەنشین کرد و لە دەستەی نووسەراندا خوی بە روژنامەی کوردستانەوە خافڵاند. پیویستە پێی لە ئەو راستی یە بنێین کە ئەوە هەر سینگ فرەوانی و ڕۆحی گەورەی قاسملووی مەزن بوو کە نەیهێشت مەلا عەولآ پشتی وە عەرز بکەوێت.

بەڵام ئەو هەڵوێستەی مەلا عەولآ قەت لە نێو بەدەنەی حیزبی دێمۆکڕات لە بیر نەکراو و وەك کەسێکی "محافزەکار" و بێوەفا بە قاسملووی مەزنیان چاو لیدەکرد. بەراستی مەلا عەولآ نەدەبوایە لە هەل و مەرجێکی ئەو تۆدا پشتی دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی بەر بدابایە. هەر لێرەش دا بوو کە رادەی کەسایەتی مەلا عەولآ لە ناو حیزبدا لە ئەو پەڕی کەمی دا.
جێگای سەرنجە کە ئەم هەڵویستەی جێگای پەسندی جەماعەتی ئینشعاب کردووش نەبوو و بە محافزەکارانەیان دەزانی و ئەگەر ئەو دوژمنایەتی یەی لە گەڵ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیان دەکرد، لە گەڵ مەلا عەولآیان نەدەکرد، بەڵام لە خۆیان و بە لایەنگر و دوستی خویانیان نەزانی و کورد گوتەنی ئەو لە هەردووك دینان بوو.
مەلا عەولآ هەروا گۆشەگیر و لە پەراوێز مایەوە هەتا ئەو کاتەی کاك دوکتور قاسملوو شەهید بوو. مەیدانێکی بەرفرەوان بۆ مەلا عەولآ پێك هات بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆی نیشان بداتەوە و دوکتۆر شەڕفکەندی نەمریش ئەو هەلەی پێ بەخشی و لێی دریغ نە کرد. لە یەکەم پلێنومی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو کە دوکتور سەعید وەك سکرتیری گشتی دیاری کرا و کاك مستەفا هیجری وەك جێگر مەلا عەولآ بە ئاستی باری کەسایەتی خۆی لە ناو حیزبدا نەزانیبوو، چونکە پێی وابوو شتیکی سروشتی یە کە ئەو وەك جێگر دیاری نەکریت، ئەویش لە بەرئەوەی خوی ئەندامی ڕێبەرایەتی نەبوو و پێی وابوو پاش کونگرەی 9 ئەو هەلەی بو دەرخسێت. هەرچەند کات بو مەلا عەولآ بە هێواشی تێ دەپەڕی، بەڵام سەرەنجام ڕۆژی کۆنگرەی 9 ش هات و مەلا عەولآ هاتەوە نێو ریزی ڕێبەرایەتی حیزب هەرچەندیش کاتێك لە پلینۆمی دوای کونگرە کە کاك مستەفا هیجری وەك

جیگری سکرتیری گشتی واتە جێگری دوکتور سەعید دیاری کرا، مەلا عەولا دونیای بە سەردا رووخاو ئەو کات تا رادەیەك هەستی بە ئاست و جێگەی خۆی کرد. بێجگە لە ئەوەش بو خۆی پێی وابوو گەورەترین زوڵمی مێژوویی لێکراوە، بەڵام نەیتوانی چوکترین دەنگی نارەزایەتی بەرز بکاتەوە، چونکە هەر وەك باسم کرد، لە لایەك هەستی بە حالی خۆی کردبوو و لایەکی تریشەوە ، نەیدەتوانی قەرە لە قەرەی گەورە پیاوێکی وەك دوکتۆر شەرفکەندی بدات. جا هەر بۆیە ، ناحیلاج فارس گوتەنی "بسوز و بساز" دانیشت و رووی لە خوا کرد هەتا پەنجەرەیەکی بە رەحمەتی بەرە و روو بکاتەوە. ئەویش داخی گرانم دوکتورسەعیدی تیکوشەر شەهید بوو و مەلا عەولا پێی وابوو پەنجەرەکەی بەرەو روو کرایەوە و مەلا عەولایەك هەتا ئەو کات پێی وابوو جێگری سکرتێر پۆستی ئەوە و ناهەقیان لێکردوە، ئەو جار لە هەولی وەدەست هێنانی پۆستی سکرتێری کەوت.

مەلا عەولا لێرەش هەڵەیەکی کرد ئەویش پێی وابوو تەنیا دوکتور شەرفکەندی بەربەستی رێگای ئەو بۆ پۆستی جێگری سکرتێری بووە، بێ خەبەر لە ئەوەی کە ئەوە تێکڕای رێبەرایەتی حیزب و بەدەنە پێی یان وابوو مەلا عەولا جارێ زۆری ماوە قەرەبووی هەڵوێستەکەی لە کۆنگرەی هەشت و باقی کارەکانی تری بکاتەوە. لە یەکەم پلێنومی پاش شەهید بوونی دوکتور سەعید، مەلا عەولا وێرای کاك مستەفا هیجری خۆی بۆ پۆستی سکرتێری گشتی کاندید کرد. سەرەرای ئەوەی مافی دێمۆکڕاتیکی خۆی و هەموو ئەندامێکی رێبەرایەتی بوو، بەڵام وەك ئەمن لە بیرم بێت ئەوە یەکەم جار لە مێژووی حیزبی دێمۆکڕات دابوو کە 2 کەس خۆیان بۆ پۆستی سکرتێری گشتی کاندید بکەن و مەلا عەولا ئەو سونەتەی شکاند. بەڵام چوون خاوەنی مافی خۆ کاندید کردن بو پۆستەکە بوو، دەبوایە ئاواش دێمۆکڕاتانە ئەگەر هات و دەنگی متمانەی نەهێنایەوە ، پەسندو تەحەمولی ئاکامی دەنگدانەکەی کردبایە.
لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەو جار دا، مەلا عەولا کەمتر لە 25% لە سەدی دەنگی هێنایەوە و کاك مستەفا بە زیاتر لە 75 % لە سەدی دەنگەکان وەك سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. جێگای ئاماژە پێکردنە هێشتا کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ نەهاتبوو کە نیشانەی نارەزایەتی لە لایەن مەلا عەولاوە دەرکەوت ، ئەویش رازی بەوەرگرتنی پوستی جیگری سکرتێر نەبوو و هەڵبەت چەند مانگی گرت هەتا مەلا عەولا ناچارکرا پۆستەکە پەسند بکات. دیارە کومیتەی ناوەندی بە ئەو هەنگاوەی دەیهەویست نارە زایە تی و ناکۆکی لە ناو حیزبدا نەهێلێت.

مەلا عەولا بە ئەو کارەی واتە پەسند نەکردنی پۆستی جێگری سکرتێری حیزب بە نیشانەی ناڕەزامەندی بە هەڵنەبژاردنی بە سکرتێری گشتی زەربەیەکی قورسی

دیکەی لە کەسایەتی خوی داو بە تەواوی نیشانی دا کە" ئەوە کورسی نی یە وەدوای مەلا عەولا دەکەوێ، بەڵکوو ئەوە مە لا عەولایە کە بە هە موو رێگە و شیوەیەك بە دوای کورسی دایە!"
هەڵبەت ئەو جاریش مەلا عەولا دانەنیشت و کەوتە کۆکردنەوەی لایەنگر و دۆست بو خۆی بە مەبەستی پێك هێنانی باندیك بە دژی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی. لە ئەم ریگەیەدا، مەلا عەولا رۆژ بە رۆژ زیاتر خەریکی دووبەرەکی نانەوە و بە هێز کردنی جەناحی خۆی بوو. سەر ەنجام لە کونگرەی 10 سکرتێری گشتی کاك مستەفا و زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ پێشگێری کردن لە پەرە ئەستاندی دووبەرەکی و ناکۆکی ناو حیزب زۆر بە دڵ فرەوانی یەوە پۆستی سکرتێری گشتی یان دا بە مەلا عەولا و دیارە کاك مستەفا وەك جێگری سکرتێری گشتی دیاری کرا. بەلام ئەوەی جێگای داخە، مەلا عەولا لە جیاتی سوپاس لە ئەو هەڵوێستەی کاك مستەفا و کومیتەی ناوەندی، ئەوەی بە سەرکەوتنی خۆی دانا و بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە و " کورسی یەکەی" خۆی و بەرژەوەندی باندەکەی کەوتە پیلان گێڕان کە جاریکی دیکەش مەلا عەولای لە ناو حیزبدا هێندەی دیکە بەرە و پاشتر برد ئەویش هێنانەوەی جەماعەتی مەلا حەسەن بۆ نێو ریزی حیزب بوو. مەبەستی ناوبراو لە هێنانەوەی ئەو جەماعەتە بە هێز کردنی ریزەکانی حیزب نەبوو، بەڵکوو جەماعەتی ناسراو بە "لادەر" ی هێنایەوە بۆ بە هێزکردنی باندەکەی خۆی لە دژی کاك مستەفا و زۆرینەی کومیتەی ناوەندی.

پاش هاتنەوەی جەماعەتی مەلا حەسەن، زۆر زوو مەبەستی مەلا عەولا لە ئەو هێنانەوەی دەرکەوت. باندی "مەلا عەولا، مەلا حەسەن" لە یەکەمین پەلاماری خۆیان دا پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یان لە کاك مستەفا هیجری وەرگرتەوەو بۆ سەرپۆش دانان لە سەر ئەو کارە تەنانەت پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یان لە ناو حیزبدا لابرد. بەلام بە ئەو حاڵەش، هەر دەهات و پەلامار و دوژمنایەتی باندی " مەلا عەولا، مەلا حەسەن" لە دژی کومیتەی ناوەندی و شەخسی کاك مستەفا ش زیاتر دەبوو. لە ئەو نێوەش دا پشوو دریژی و هەست بە بەرپرسایەتی ئەوانیش هەر دەهات کەم و کەمتر دەبوو، چونکە دەیان دیت کە مەلا عەولا چۆن لە گەڵ دوژمنانی دێرینی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بو پاك کردنەوەی بە تەواوی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی و پاوان کردنی حیزب و بە لارێدا بردنی رێبازی حیزب و شوردنەوەی بە یەکجاری ناوبانگی ئەو سەرکردە شەهیدانە ، یەکیان گرت و وەهەول کەوتن.
بە ئەو حاڵەش، زۆرینەی کومیتەی ناوەندی لە کونگرەی 13 بە هەموو توانایانەوە و دڵگەرم بە پشتیوانی بەدەنەی حیزب هاتنە مەیدان و باندی مەلاعەولا- مەلا حەسەن یان تووشی شکستێکی ئەوەندە گەورە کرد کە بۆ ماوەیەك هەر سەری لە

ئەو جەماعەتە شێواند. بەلام سەرەرای ئەوەش، مەلا عەولا ئەو جارەش لە جیاتی پەسند کردنی شکست هەر لە ناو کونگرە و لە یەکەم کات ژمیرەکانی دوای کۆنگرە کەوتە نارەزایەتی دەربرین و دووبەرەکی نانەوە. هەڵبەت ئەو جار مەلا عەوڵا و مەلا حەسەن کە تاقەتی سەرلە نوی ریکخستنەوەی باندەکەیان نەمابوو، ئاخرین تیری خۆیان لە کەوان هاویشت و سەرەنجام لە ریکەوتی 6 ی مانگی 12 ی 2006 ی زاییني زیانیان بە یەکیەتی حیزب گەیاند و بۆ جارێکی تر قەیران و لێك دا بڕانیان خستەوە نێو ریزەکانی حیزب. مەلا عەوڵا بە ئەو کارەی ئەو تیرەی نەك هەر لە پەیکەری حیزب راکێشا، بەڵکوو لە پەیکەرە لەرزۆك و ژەنگاویەکەی خۆشی دا و لە ناو تێکوشەرانی دێمۆکڕات دا رادەی متمانەیی پێ کردن و کەسایەتی خۆی هێنایە ئەو پەڕی نزمی یەکەی.
پاش لێك دابڕانی دوای کۆنگرەی سێزدە و لە سەر مەلا عەولا گەلێك نووسراوە و گوتراوە و تەنانەت هەتا ئەو ئاستە رۆیشتوە کە ناوی " خەیانەتکار" یشی پێ ببەخشن، بەڵام پێم وایە مەلا عەوڵا هەنگاوێکی ماوە بگاتە ئەو قۆناخە ئەویش بە مانای راستەقینەی وشەکە و بۆ هەتا هەتایە کەسایەتی خۆی لە شۆرشی کوردستان دا بخاتە ژێر گڵەوە ئەویش وەك بۆ خۆیان باسی دەکەن خەریکی گرتنی کونگرەی 14 ن. جا لێرەدا گەلێك چارەنووس سازە کە مەلا عەوڵا دەبێ ئەو ئاخر هەلەش لەکیس نەدات بو ئەوەی جەماعەتەکەی ژێر ریبەرایەتی ئەو و مەلا حەسەن ناوێکی جیا لە حیزبی دێمۆکڕات بو خۆیان دیاری بکە ن، ئەگینا لە داهاتوو دا هەرچەشنە ناکۆکی و شەڕێکی براکوژی لە سەر ناوی حیزبی دێمۆکڕات ساز بێت، ئەوە مەلا عەولا بەرپرسی یەکەمی ئەو رووداوانە دەبێت، بە تایبەتی مەلا عەوڵا ئەزموونی ئەو شەڕەی لە پاش کۆنگرەی هەشت لە بیر نەچۆتەوە. ئەگەر مەلا عەوڵا ناوی جەماعەتەکەی بگوریت، ئەوە هەم پێشگیری لە شەڕێکی چاوەڕوان نەکراوی لە ئەو چەشنە کردوە و هەم ریگا خۆش دەکات هەتا بەڵکەم لە داهاتوو دا ریگایەك بۆ هاوکاری کردنی ئەوان لە گەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا بهێڵێتەوە.
هەروەك ئاماژەی پێکرا هەموو ی ئەو رووداوانە لە ژیانی مەلا عەوڵا لە ناو حیزبی دێمۆکڕات دا بە کردەوە بووە و دوای بە دوای یەك کەسایەتی مەلا عەوڵای لە کەمی دا و ئەوەش هەرخۆی لە گەڵ خۆی کرد؛ پەندێکی پێشینیانی فارسەکانیش لە ئەم بارەیەوە جوانی کوتووە کەدەڵێت:
**هەرچە کنی بە خود کنی گر همە نیك و بد کنی**
جا خوینەری هێژا، ژیانی و بەسەرهاتی سیاسی مەلا عەوڵا لە نیو حیزبی دێمۆکڕات دا ئەزموونێکی بە نرخ بۆ هەموو ئەو رێبەر و کەسایەتی یانەی شۆرشی

کوردستانە کە  ئەگەر نەیان هەوێ پرنسیب و رابردووی خویان بپارێزن ئەوە تووشی داهاتوویەکی جێگای داخ دەبن .

ڕێبوار
**5**ی مانگی 7 ی 2007ی زایینی

.......

بڵاو کردنەوە سایتی:
**[www.peshmergekan.eu](http://www.peshmergekan.eu)**
**[www.peshmergekan.com](http://www.peshmergekan.com)**